# خەڵكی عێراق پێویستیان بە سەرکردەیەکی نوێ هەیە



هێمن لهۆنی
موحەریری ناوخۆیی IWPR لە سلێمانی

جەنگێكی سیاسیی بەهێز بۆ دیاریكردنی سەرۆكی حكومەتی داهاتووی عێراق دەستیپێكردووە. پۆستی سەرۆك وەزیران بەهێزترین و باڵاترین پۆستی عێراقە و خاڵی سەرەكییە لە دانوستانەكانی نێوان لیستە سیاسییە بەهێزەكانی وڵات.

سەرۆك وەزیرانی داهاتوو لە قۆناغێكی مێژووییدا سەركردایەتی عێراق دەكات كە تێیدا هێزەكانی ئەمریكا دەكشێنەوە، ئەمەش تاقیكردنەوەیەكی گەورە دەبێت بۆ هێزەكانی عێراق و حكومەتەكەی.

سەرەڕای بەرقەراركردنی ئاسایش، سەرۆك وەزیرانی نوێ پێویستە بتوانێت پەیوەندییەكی بەهێزتر لەگەڵ دۆستەكانی عێراق گرێبدات و دەبێت رووبەڕووی ئاریشە ناوخۆییەكانی وەك گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری ببێتەوە و ئاشتەوایی نیشتیمانیش بێنێتەدی. بەكورتی داهاتووی سیاسیی وڵات لەدەستی سەرۆك وەزیرانە.

ئەو ركابەرە سەرەكیانەی ئێستا لەسەر ئەم پۆستە پێشبڕكێ دەكەن، پێشتر خۆیان سەرۆك وەزیران بوون، بۆیە دووبارە هەڵبژاردنەوەیان هەڵەیەكی سیاسییە. لەژێر رۆشنایی ئەو كێشە قورسانەی كە عێراق لە داهاتوودا رووبەڕوویان دەبێتەوە و ئەو دووبەرەكییە سیاسییەی لەنێو ئەم ركابەرانەدا هەیە، باشترین چارەسەر بۆ عێراق بریتییە لە دەستنیشانكردنی كەسێكی نوێ بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران.

كەسێكی نوێ هیوا و گەشبینی دەگەڕێنێتەوە بۆ عێراقی ئەمرۆ كە تەواو پێویستی بە كەسێكی لەم جۆرەیە.

هەر سێ سەرۆك وەزیرانی پێشوو - ئەیاد عەلاوی و ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالیكی - نەیانتوانی لەماوەی حكومكردنیاندا سەقامگیری بگەڕێننەوە و بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە و تەنانەت ئاشتەوایی نیشتیمانیش بهێننەدی. هەر هەموویان بوونە هۆی قووڵكردنەوەی بێمتمانەیی لەنێوان شیعە و كورد و سوننە.

عەلاوی، كە سەرۆكی لیستی عێراقییەیە و توانیویەتی ٩١ كورسی مسۆگەربكات و پلەی یەكەم بە جیاوازییەكی كەم بەدەستبهێنێت، دەرفەتێكی گەورەی بۆ رەخسا تا ببێتە سەركردەیەكی گەورە كاتێك لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٥ وەك سەرۆك وەزیران دەستنیشانكرا. بەڵام سەرەڕای پشتگیریی ئەمریكییەكان بۆی، نەیتوانی سەقامگیری بەرقەراربكات و لەبری ئەوە فەلوجەی كاولكرد.

هەروەها نەشیتوانی هەنگاوی گەورە بەرەو ئاشتەوایی نیشتیمانی بنێت. لەئێستاشدا كورد و شیعە و ئێران لە لیستەكەی نیگەرانن بەهۆی بوونی زۆرێك لە ئەندامانی پێشووی حزبی بەعس تیایدا.

جەعفەری ئێستا سەرۆكی حزبێكی بچوكە و دوای ئەوەی لە ریفراندۆمێكی لایەنگرانی سەدر پلەی یەكەمی بەدەستهێنا ناوی كەوتە نێو ناوی كاندیدە بەهێزەكان بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران. لە سەردەمی حوكمی ئەویشدا كە ١٣ مانگی خایاند، چەندین كێشە سەریهەڵدا، هەر لەبایكۆتی سوننەكان ودۆڕاندنی متمانەی كورد تا شەپۆڵێكی فراوانی رفاندن و ناكۆكیی تائیفی بە شێوەیەك كە عێراق لە سەر لێواری شەڕی ناوخۆدا بوو.

مالیكی، سەرۆك وەزیرانی ماوە بەسەرچوو و سەركردەی ئیتیلافی دەوڵەتی یاسا، لەماوەی حوكمڕانییدا چەندین دوژمنی دروست كردوە بەتایبەت لە شێوازی مامەڵەكردنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. هەمیشە لەبری ئەوەی كار بكات بۆ راكێشانی وڵاتانی عەرەبی تا پشتگیری لە عێراق بكەن لە رووی ئابوری و سیاسییەوە، كەچی مالیكی خەریكی تۆمەتباركردنیان بوو بەوەی دەستدەخەنە ناو كاروباری ناوخۆی عێراق و لەولاوەش بەرامبەر ئێران بێدەنگبوو.

لەدوای هەر تەقینەوەیەكی بەهێز، مالیكی خێرا سعودیە و سوریای بە پاڵپشتیكردنی تیرۆریزم تۆمەتباردەكرد. هەروەها بەردەوام كێشەی لەگەڵ عەرەبی سوننەدا هەبوو و ناكۆكیی خستە نێو شیعەكانیش. مالیكی تەنانەت نەیتوانی دڵی كورد رازیبكات لەكاتێكدا كورد توانی حكومەتەكەی لە رووخان رزگاربكات. جگە لەمەش، هێزی هێنایە ناوچە جێناكۆكەكان و بەو هۆیەشەوە مەترسی پێكدادان لەنێوان كوردو عەرەب دروست بوو.

هەڵبژاردنەوەی هەر یەكێك لەم سێیانە جارێكی دیكە عێراق دەگێڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا. ئەم سەركردانە كە بێ وچان هەوڵ بۆ ئەم پۆستە دەدەن دەبێت لەوە تێبگەن كە بەرەژەوەندی عێراق وا دەخوازێت ئەوان واز لەم هەوڵەیان بهێنن و رێگە بۆ پەرلەمان خۆش بكەن سەرۆك وەزیرانێكی نوێ هەڵبژێرێت.

وەك رێزێكیش بۆ دیموكراسی و ئیرادەی خەڵك، سەرۆك وەزیرانی نوێ پێویستە سەر بە یەكێك لە لیستە براوەكان بێت، بەتایبەتی دەوڵەتی یاسا یان عێراقییە.

پاڵێوراوی نوێ بۆ ئەم پۆستە گەر ناسراویش نەبێت، بەڵام پاڵپشتیی لیستە براوەكان بۆی راستەوخۆ هێز وكاریگەریی پێدەبەخشێت.

بیرشمان نەچێت دەنگهێنانی مالیكی و عەلاوی هۆكارەكەی ئەوەبوو ئەم دووانە پێشتر سەرۆك وەزیران بوون، گەرنا لەسەدا ٨٠ی ئەندامانی پەرلەمانی داهاتوو نوێن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە خەڵكی عێراق حەزدەكەن سیاسەتمەداری نوێ بێنەپێشەوە.

پێویستە لە خۆمان بپرسین بۆچی مالیكی و عەلاوی واز لەم حەزەیان ناهێن و هەوڵی بەدەستهێنانەوەی پۆستێك دەدەن كە تێیدا تاقیكراونەتەوەو سەركەوتوونەبوون. ئەوان ئەگەر دەیانەوێت عێراق سەقامگیر بێت باشتروایە واز لەم حەزەیان بهێنن و سازش بۆ كەسێكی نوێ بكەن. بەم كارەش هەڵوێستێكی پرشنگدار دەنوێنن و سوودیش بە عێراق دەگەیەنن.

بمانەوێت و نەمانەوێت ئەم دوو كاندیدە هەریەكەیان لەلایەن گروپێكی عێراقییەوە بەچاوی گومانەوە تەماشدەكرێن و ئەمەش پرۆسەی

سیاسیی عێراق بەرەو ئاڵۆزبوونێکی تەواو دەبات، بەتایبەتی لە مەسەلەی بەدەستهێنانی متمانە لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا.

پاڵێوراوێکی نوێ بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران رووبەڕووی ئە و کێشانە نابێتەوە لەکاتی رازیکردنی گروپەکانی عێراق بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتی نوێدا بکەن. ئەو کەسە دەبێت کاندیدێك بێت بەلای زۆربەی گروپەکانی ناو عێراقەوە پەسەند بێت و دوور بێت لە رابردوویەکی خراپ و دوژمنکارانە. دەبێت ویستی بەرەنگاربوونەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی هەبێت.

کەسێکی نوێ گەشبینی دەگێڕێتەوە بۆ خەڵکی عێراق و دەشیسەلمێنێت کە عێراق خاوەنی سیاسەتمەداری نوێیە و چیتر سیاسەت لە چنگی گروپێکی دیاریکراودا نابێت. هەروەها وڵاتانی دراوسێش دەرفەتی پێدەدەن و یەکسەر هەڵی ناسەنگێنن.

پاڵێوراوێکی تازە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دەرفەتی زیاتری دەبێت بۆ رازیکردنی گروپەکانی عێراق تا بتوانێ حکومەتێکی نیشتیمانی پێك بهێنێت. ئێمەش پێویستمان بە کەسێکە بتوانێت پاڵپشتی شیعە و سوننە و کورد بەدەستبهێنێت.

مێژووش فێری کردووین کە هیچ کات حکومەت لە بەغدا سەرکەوتوو نابێت بە بێ بەشداری راستەقینەی پێکهاتە سەرەکییەکان لە پرۆسەی بڕیاردان.

سەرۆك وەزیرانی نوێ پێویستە هەوڵەکانی بۆ هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتیمانی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەدیهێنانی سەقامگیری چڕبکاتەوە.

سەرکردە کۆنەکان نەیانتوانی ئەو ئامانجانە بەدی بهێنن. سەر لەنوێ هەڵبژاردنەوەیان بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران لەلایەن پەرلەمان، تەنها رابردوومان بیردێنێتەوە.

هێمن لهۆنی موحەریری ناوخۆیی پەیمانگای رۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتییە لە سلێمانی.

ئەو بۆچوونانەی لەم وتارەدا خراونەتەڕوو مەرج نییە هی IWPR بن.

**Location:** Iraq
**Topic:** Elections

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%AE%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D9%83%DB%8C-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%BE%DB%8E%D9%88%DB%8C%D8%B3%D8%AA%DB%8C%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C-%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D9%83%D8%B1%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%DB%8C%D9%87%E2%80%8C%D9%83%DB%8C-%D9%86%D9%88%DB%8E